# بەرەی سێ هەم و هەنگاوێك بۆ پێشەوە !







دوابەدوای بانگەوازی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە فنلاند هەروەها حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران – حکمەتی لەفنلاند بۆ سازادنی خۆپیشاندان لە پەیوەند بە داکۆکی کردن لە ئازادی بیروڕادەربرین ، ڕۆژی هەینی بەرواری 10 / 2 / 2006 ناوەندی شاری هێلسنکی بووە مەیدانی دەنگ هەلپرینی ئازادیخوازان، بە ووتنەوەی شیعار بژی ئازادی رادەبرین ، بەژی ئازادی بیروڕا سەرنجی هەموو ڕێبوارانی شەقامی سەرەکی شاری هێلسنکی ڕاکیشرا بۆ ئەو دەنگەی کە وەك نووێنەری هێزی سیهەم هاتە مەیدان. شایەنی باسە کە لەم ئاکسیۆنەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حزب و دوستان و ئازادیخوازان بەشداریان کردو توانیان بەشێوەیەکی بەرفراوان سەرنجی شەقام بەلای دەنگ هەڵبڕین و شیعارەکانی خۆیاندا رابکێشن و ببنەو پیشوازیەکی زۆر بەرچاو بکرین لەلایەن خەلکەوە . جێگەی خۆیەتی کە سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین کە هەر ئەمڕۆ بەر لە ئەنجامدانی ئاکسیۆنەکە ( ئاژانسی هەواڵەکانی فنلاند ) کە گەوەرەترین دەزگای راگەیاندنە چاوپیکەوتنیکی لەگەل ڕیبوار عارف دا ئەنجام دا ، کە تیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئامانجەکانی هەردوو بەرەی کۆنەپەرستی ئەم کێشمەکێشە نەك هیچ پەیویەندیەکی بە ژیان و ماف و ئازادیەکانی کۆمەلگای بەشەریی یەوە نی یە بەڵکو بەکردوە دەبینین کە لەلایەکەوە بالی ڕاست و راسیستەکان ئەم مەسەلەیان بەدەستەوە گرتووە بۆ کوتانی خارجیان و دژایەتی کردن دژ بە میلونەها ئینسان و هاوکات هەر ئەمە دەکرێتە دەستمایەو ڕێگە خۆشکەر بۆ ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی هێندەی تر ئامانجە نائینسانی یەکانی خۆی لەژێر سایەی ئەو سیاسەتەدا کۆبکاتەوەو هەلویستە نائینسانی یەکانی خۆی پێ بەهێز بکات و شمشێر لە ڕووی بەشەریەتی ئەمڕۆدا هەڵکێشیت وبەهرەبەردای سیاسی خۆی بکات و هاوکات پەلاماری ماف وئازادیەکانی کۆمەڵگای بەشەری بیتەوە بەکردوە لە هەولی هەلپیچانی ئازادی بیروڕادەربریندان ...بەشێکی تری قسەو باسەکان تایبەت بوون بەوەی

که لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا دەبینین کە میژووی ئەم کێشمەکێشە تەنیا لەبازنەی ئەم دوو بزوتنەوە کۆنەپەرستەدا ڕانەوەستاوەتەوە بەڵکو دەنگی ئازادیخوازان وەك بەرەی سێهەم هاتووەتە مەیدان و دژ بە هەردوو بەرەی مەیدانی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانە ڕاوەستاوەتەوە . هەروەها دواتر ڕادیۆ فنلاند بەهەمان شیوە بۆ ماوەی 20 دەیقیقە چاوپیکەوتنێکی تری لەبارەی هۆکارەکانی هەمان کێشمەکێشەوە لەگەڵ  ڕێبوار عارف دا ئەنجامدا کە لەچوارچیوەی قسەباسەکانی سەرەوەدا بوو .

شایەنی باسە کە لەکاتی ئەنجامدانی ئاکسیۆنەکەشدا ژمارەیەکی بەرچاو لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕاپۆرت و چاوپیکەوتنیان لەگەڵ بەشدرابووانی ئاکسیونەکەو ڕێبوارانی شەقامی گشتی ئەنجامدا. کە لەمبارەشەوە دوو چاوپیکەوتن لەگەڵ ئالا فەرج و ریبوار عارف ئەنجامدرا ، کە تیدا باس لە هۆکارەکانی ئەم خۆپیشاندانەوە کیشەی دروست کردنی کاریکاتیرەکانی دانیمارك‌و مەسەلەی ئازادی بەیان و رادەربرین و ڕەخنەگرتن کرا .

دواتر پاش زیاتر لە سەعاتیك بەردەوام بوونی ئاکسیونەکە مستەفا باهیر بەرپرسی تەشیلاتی فنلاندی حزب کۆتای ئاکسیونەکەی ڕاگەیاندو سوپاسی بەشداربووانی کرد بۆ ئامادەبوونیان لەم دەنگ هەلبڕین‌و ناڕەزای یەتی دەبرینەداو هەروەها داوای لە هەموو بەشدار بووان کرد کە بەتوانن لە چالاکیەکانی داواهاتووی حزبدا لەمبارەوە بەشدرای بکەن .







کۆمیتەی تەشیلاتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە فنلاند

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران – حکمەتی لەفنلاند

2006 / 2 / 10